عەلی باقر کنی: لوبنان دۆزەخێکی بێ گەڕانەوە دەبێت بۆ زایۆنییەکان

سەرپەرشتیاری وەزارەتی دەرەوەی ئێران دەڵێت: لوبنان بەدڵنیاییەوە جەهەندەمێکی بێ گەڕانەوە بۆ زایۆنییەکان دەبێت.

عەلی باقری کنی، سەرپەرشتی وەزارەتی دەرەوەی ئێران سەبارەت بە ئەگەری جەنگ لە لوبنان لەگەڵ ئیسرائیل وتی: لوبنان و مقاوەمەی لوبنان وەکوو ئەکتەرێکی چالاک لەبواری گۆڕەپان و دیپلۆماسی ڕۆڵی باشی گێڕاوە کە بووەتە هۆی بەرگری پێویست و ترسی دوژمن.

هەروەها ناوبراو ئەمڕۆ چوارشەممە سەبارەت بە سەردانی چاوەڕوانکراوی پادشای سعودیە بۆ ئێران وتی: ئەوە لە دەستووری کارماندا هەیە و ئەبێ سەبر بکەین تا حکومەتی نوێ بێتە سەر دەسەڵات.